# ناپلیۆن وەك کونسلی یەکەمی فەرەنسا "کودەتای برومرو کارو ریفۆرمە نێوخۆییەکانی" (١٧٩٩-١٨٠٤)

ئا / هۆشمەند عەلی مەحمود
بەشی مێژوو/ زانکۆی کۆیە

## پێشەکی

شۆڕشی گەورەی فەرەنسا کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورەی بەدەستهێناو لەهەمان کاتیشدا لەنێویدا چەندین کەسایەتی دیار لە مێژووی فەرەنسا بەتایبەتیو مرۆڤایەتی بەگشتی بەدەرکەوتن، کە یەکێك لەوانە بەدەرکەوتنی ناپلیۆن بوو توانی رۆڵو کاریگەری خۆی نیشان بدات لەنێوگۆڕانکارییەکانداو وەك پاڵەوانی سەربازیو سەرکردەیەکی رزگارکەر خۆی بەدەربخات.

ئەم بابەتە باسکردنی ماوەیەکی گرنگە لەمێژووی فەرەنساو ژیانی تایبەتی ناپلیۆن، کە ئەویش ماوەی دەسەلات گرتنەدەستیەتی وەك کونسلی یەکەمی فەرەنسا لەنێوان سالانی ١٧٩٩-١٨٠٤و ئامانج تیایدا دەرخستنی ئەوهۆکارانەیە کە ناپلیۆنیان بەوپۆژەگەیاند، لەگەڵ خستنەرووی کارو ریفۆرمە نێوخۆییەکانی لەو ماوەیەی دەسەلاتیو نیشاندانی وەك بەرەنجامێك بۆ قۆناغەکانی دواتری کە وەك ئیمپراتۆرێك بەدەرکەوتوو لێرەوە رێچکەی بناغەی بۆ دارشت.

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتەش سوودێکی زۆرمان بینیوە لە کتێبەکانی وەك: (فیشرو تارلە)و چەند کتێبێکی دیکەش.

ئەم بابەتە وێڕای پێشەکی، لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووەو تەوەری یەکەم، تایبەتە بە کودەتای برومری ١٧٩٩و بەدەسەلات گەیشتنی ناپلیۆن وەك کونسلی یەکەمی فەرەنسا، تەوەری دووەمیش، تەرخانکراوە بۆ کارو ریفۆرمە نێوخۆییەکانی ناپلیۆن لەماوەی پێنج ساڵی دەسەلاتی لە فەرەنسادا.

لە کۆتایشدا ئەنجامو لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتەڕوو، کە لەتەواوی ئەم بابەتەدا پێی گەیشتووین.

**یەکەم: کودەتای برومری ١٧٩٩و دەسەلاتگرتنەدەستی ناپلیۆن وەك کونسلی یەکەمی فەرەنسا:**

دوای شۆڕشی فەرەنسای ١٧٨٩و قۆناغەکانی دواتر لەو وولاتەدا، زەمینەی دەرکەوتنی دەسەلاتی ڕەهاو دیکتاتۆریانەیان ڕەخساند بەتایبەتی لەساڵی ١٧٩٩و ڕووداوەکانی ئەوکاتی فەرەنسا.

لەوقۆناغەی فەرەنسادا (دیکۆرکتوار/ ئەنجومەنی دەسەلاتی باڵای کۆماری)، بەتەواوەتی نەیدەتوانی زاڵ بێت بەسەر ئەوبارودۆخە نێوخۆییەی وولاتی گرتبووەوە، بەتایبەتی کاتێك دەبینین بارودۆخی فەرەنسا بەر لە کودەتای برومری ١٧٩٩ زۆر خراپ بوو، چونکە:

١- هێزی خاوەن موڵکەکانو دەوڵەمەندەکانی شار، کەدژی بنەماڵەی بۆربۆن بوون، بەڵام خەونیان بە ڕژێمێکی جێگیرو درێژخایەن دەبینی.

٢-هێزی وابەستەیی و سۆز بۆ جوتیارانو گەڕاندنەوەی ڕژێمی پێشووو سەرکوتکەر، کە لایەنگری سەرۆك عەشیرەتەکان بوون.

٣-جووتیارانیش لەوپەڕی خراپی گوزەرانو برسیتی دابوون، کە دەیانگوت: "ئێمە حکومەتێکمان دەوێت، کە نانمان بداتێ".[1]

بێجگە لەمانەش لەکاروباری دەرەکیو سیاسەتی دەرەکیشیاندا، ئەو سەرکەوتنانەی کە پێشتر فەرەنساو ناپلیۆن بەدەستیان هێنابوو، ووردە ووردە لەدەستیان دەدا، بۆ وێنە: کاتێك (سفۆرۆڤ) ساڵی ١٧٩٩ گەیشتە ئیتاڵیا، جارێکی دیکە ئەو وولاتەی لەژێر دەستی فەرەنسیەکان دەرهێنایەوە.[٢] هەروەها ئەوەی زیاتر لەم قۆناغەدا فەرەنسای پەرێشان کردبوو، هاوپەیمانیەتی چوارقۆڵی ئەوروپایی (ئەڵمانیا- بەریتانیا- نەمساو ڕوسیا) بوو لەدژی فەرەنساو هەوڵەفراوانخوازییەکانیدا.[٣] ئەمەش نارادەیەکی زۆر کاریگەری بەسەر بارودۆخی نێوخۆیی فەرەنساوە هەبوو، کە لە ڕێگەی دەستەو لایەنگرانی پاشایەتیو بەتایبەتیش هانی زۆری (گروپی شوان)[٤] یان دەداو پشتیوانیان لێدەکردن بەمەبەستی لاوازکردنی حکومەتی فەرەنسا.

ئەم بارودۆخەی کە لەفەرەنسا هاتبووە ئاراوە لەبەرژەوەندی خاوەن سەرمایەو مانیفاکتۆرەکانی وولات نەبوو، چونکە بەرژەوەندیەکانیان کەوتبووە مەترسیەوە، لەهەمان کاتیشدا هەر لەنێوخۆی فەرەنسادا سەرانی سوپاو سەربازان نارەزاییەکی زۆریان هەبوو، چونکە لەبرسێتیو قاتیو قڕیدابوون.[٥]

لێرەدا دەکرێت بارودۆخی فەرەنسای نێوەڕاستی ساڵی ١٧٩٩ لەسایەی فەرمانڕەواکانی ئەوقۆناغەی حکومەت، بەم شێوەیە کورتی بکەینەوەو بیخەینەڕوو:

١- دیرکتوار (ئەنجومەنی دەسەلاتی باڵای کۆماری)، بوو بووە دەسەلاتێك کەڕای زۆرینەی چینی دەوڵەمەندو چەوساوەشەوە، کەسانێکی ناشایستە بوونو مانەوەی زۆریان لەدەسەلات بەزیان هەژماردەکرد لەسەر خۆیان.

٢- ئەنجومەنی باڵای کۆماری بووبووە نمونەی حکومەتی دزوجەردەو بەتاڵان بردنی سامان دەوڵەت، چونکە حکومەتێکی ستەمکارو نارێك بوو لەبەرامبەر چینەکانی کۆمەڵگای فەرەنسی، بەتایبەتی کرێکاران.

٣- لە تێڕوانینی سەربازانو سوپای فەرەنسیشەوە، دەسەلاتی حکومەت بەکەسانێکی ڕەزیلو گومانلێکراو سەیردەکران، کە ئەوانیان خستبووە باری بێنانیو زەلیلیەوە.

٤- ئەو دەستکەوتانەی کە ناپلیۆن لەماوەی چەند مانگێکدا بەدەستی هێنابوو، وەك داگیرکارییەکانی لە نەمساو ئیتاڵیاو...هتد، حکومەت بەلاوازیو گەندەڵی خۆیەوە، سەرجەمیانی لەدەست داو کەوتنەوە دەست دوژمنانی فەرەنساوە.(٦)

بەهۆی ئەم بارودۆخانەشەوە لێرەوە دەکرێت بڵێین زەمینە خۆش بوو بۆ دیکتاتۆرییو ئەنجامدانی کودەتاو دەرکەوتنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی ناپلیۆن، بەهۆی ئەم هۆکارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆیانکرد، چونکە دوای ئەم ڕووداوانە کاتێك کە ناپلیۆن لەهەڵمەتی بۆسەر میسر بەردەوام بوو، بڕیاری گەڕانەوەی داو بەمەش بەماوەی (٤٧) ڕۆژ بەدەریای سپی نێوەڕاستدا گەڕایەوە بۆ فەرەنساو ڕۆژی ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٧٩٩ گەیشتەوە پاریسی پێتەخت.(٧)

گەڕانەوەی ناپلیۆنو ئەوپێشوازیە گەرمەی لەلایەن چینو توێژە جیاوازەکانی فەرەنساوە لێیکرا، نیشانەدەری ئەوەبوون، کەوا ناپلیۆن بەچاوی ڕزگارکەر سەیری دەکراو هەمووان لەچاوەڕوانی گۆڕان بوون لەسەردەستی ئەو.

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینەڕوو، هەرچەندە زۆرینەی گەل چاوەڕوانی گۆڕان بوون لەسەر دەستی ناپلیۆنو وەك ڕزگارکەرێك سەیریان دەرکرد، لەهەمان کاتدا بەشێك لەدەسەڵاتدارانی نێو حکومەتی دیرکتواریش، وەك: (تالێران- وەزیری دەرەوە، فوشە- وەزیری ناوخۆ)، هەروەها سیاسیەکانیش، وەك: (سیەسو باراس)، هاوکاریان کردوو پشتیوانی خۆیان بۆ دەربڕی لەئەنجامدانی گۆڕانکاری لەسەردەستی ناپلیۆن، وێڕای ئەمانەش ناپلیۆن هەر لەڕۆژی گەڕانەوەی تا ڕۆژی پێش ئەنجامدانی کودەتا، لەهەوڵی کۆکردنەوەی زانیاریو تێگەیشتنی زیاتربوو لەبارودۆخی نێوخۆیی وڵاتو بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام پێشوازی لە ئەشرافو ناودارانو کەسانی دیاردەکردو لەئەنجامیشدا بەشێکی زۆری دەوڵەمەندەکانی پاریسیش بەپێدانی پارە هاوکاری خۆیان بۆی دەربڕی.(٨)

هەموو ئەو هەنگاوانەش ڕێیان بۆ ناپلیۆن خۆشکرد بڕیاری گۆڕانکاری بدات لە فەرەنسا ئەویش بەئەنجامدانی کودەتایەك بەسەر حکومەتو دەسەڵاتی خستنە ژێر چەپۆکی خۆیەوە، کە بەهاوکاری هاوەڵەکانی لە شەوی ۱۸ی برومردا پلانی کودەتایان کێشاو لە ڕێگەی لایەگرانی خۆیان لەنێو ئەنجومەنی پیرانو ئەنجومەنی ۵۰۰ کەسیەوە (پەرلەمانی فەرەنسا)، هەوڵی جێبەجێکردنیانداو بەجۆرێك کەوا هەردوو ئەنجومەن لەشوێنی خۆیانەوە بگوێزرێنەوە بۆ شارۆچکەی (سن کلو) لە خۆرئاوای پاریس.[٩]

لەڕاستیدا ئەم هەنگاوەی ناپلیۆن وەك تاکتیکێك وابوو بۆ سەرکەوتن بەسەر هەردوو ئەنجومەندا، چونکە بەنێوی پاراستنیانەوە تیپێکی سوپای لەگەڵدان، کە مانای دەست بەسەرکردنیان بوو، بەڵام ناپلیۆن نەی دەویست ڕاستەوخۆ هەڵیان وەشێنێتەوە، بەڵکو دەیویست بۆخۆیان دان بەبێ دەسەڵاتی خۆیاندا بنێنو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆیان بدەنو دەسەڵات بخەنە ژێردەستی خودی ناپلیۆن خۆیەوە.[١٠]

ئامانجو مەبەستەکانی ناپلیۆن بێ گرفت نەهاتنەدیو هەردوو ئەنجومەنیش وابەسانایی نەچوونە ژێر ڕکێفیەوە، بەتایبەتی کاتێك لەوە تێگەیشتن کەوا ناپلیۆن بەپلان ئەوانی دوور خستۆتەوە بۆ شارۆچکەی (سان کلو)، بەمەش دژایەتی خۆیان بۆی دەربڕیو هاواریان بەسەردادەکردو بەپلانگێڕو خائینو دزو جەردەو لە یاسا دەرچوو وەسفیان دەکرد، بەڵام پاش هەراو شەڕو هەڕەشەیەکی زۆر بەسەریانەوە، بەناچاری لە ۱۹ی برومری ۱۷۹۹ دا خۆیان هەڵوەشاندەوەو بڕیاری پێکهێنانی حکومەتی کونسوڵی (ئەنجومەنی باڵای کۆماری)، درا لەسێ کەس، ئەوانیش (ناپلیۆن- سیەسو ڕۆژەکو) بوون.[١١]

ئەمەش بوو بەخاڵی وەرچەرخان لەژیانی تایبەتی ناپلیۆنو قۆناغێکی نوێ لە مێژووی فەرەنسا لەسایەی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی ناپلیۆن وەك کونسوڵی یەکەمی فەرەنسا بۆ ماوەی پێنج ساڵ، کە گرنگیشە کاروکردەوەو ڕیفۆرمە نێوخۆییەکانیشی لەو ماوەیەدا بزانین.

دووەم: كارو ڕیفۆرمە نێوخۆییەكانی ناپلیۆن ١٧٩٩-١٨٠٤:

دوای ئەوەی ناپلیۆن لە ئێوارەی ١٩ی برومێری ١٧٩٩ بوو بە كونسوڵو دەسەڵاتی خستە ژێر ڕكێفی خۆیەوە، هەوڵی دا دەست بكات بەگۆڕانكاریو سەرەتاش هەڵسا بەگرنگیدان بەڕێكخستنەوەی دامو دەزگاكانی حكومەتە تازەكەیو چەند كارێكی ئەنجامدا، كە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- دەستوورو یاسای بنچینەیی دەوڵەت:

ناپلیۆن بیری لە دارشتنی دەستوورو دانانی یاسای بنچینەیی دەوڵەت كردەوە، بۆ ئەم مەبەستەشی (سیەیس)ی ڕسپارد، ئەویش هەڵسا بەكارەكەیو پاش یەك مانگ دوای كودەتا دەستووری تازە تەواوكرا، بەڵام بەرلەوەی بخرێتە بەردەم گەل بۆ دەنگ لەسەردانو پەسندكردنی، ناپلیۆن فەرمانی دا كاری پێبكرێت، پاشان دەستووری تازە بەزۆرینەی دەنگی گەل لە ڕۆژی (١٥-١١-١٧٩٩) بەبەڵێ دەنگی بۆدرا. بەمەش هێز بەتەواوەتی كەوتە دەست ناپلیۆنو لێرەشەوە هەنگاوەكانی بۆ لەناوبردنو دوورخستنەوەی كەسانی دەسەڵاتدار گرتەبەرو كەسانی وەك: (سیەیسو سیاسیەكانی دیكەش)ی لەكاروباری دەوڵەت دوورخستەوە.[12]

٢- سانسۆر لەسەر ڕۆژنامەكان:

ناپلیۆن لە ڕۆژی (٢٧ی تشرینی دووەمی ١٧٩٩) فەرمانێكی دەركرد بۆ داخستنی بەشێكی زۆری ڕۆژنامەكان، كە لە كۆی (٧٣) ڕۆژنامە (٦٠) ڕۆژنامەی داخست، ئەو (١٣) ڕۆژنامەیەی كەمابوونەوەش خرانە ژێر چاودێری ووردی حكومەتەوەو پاش ماوەیەك بە تێپەربوون لەكات (٩) ڕۆژنامەی دیكەش بەفەرمانی حكومەت داخرانو تەنها (٤) ڕۆژنامە مابوونەوە.[13]

ئەمانەش نیشانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی ناپلیۆنمان بۆ دەردەخەن لەبەرامبەر بوونی دەنگی ئازادو هەوڵدان بۆ سەرکەتکردن و کپکردنیان و لەنێوبردنیان، تەنها مانەوەی ئەوانەی درێژە بەسیاسەتەکانی خودی خۆی دەدەن.

٣- گرنگیدان بە سوپا:

دوای ئەوەی ناپلیۆن دەسەڵاتی گرتەدەست و خۆی سەپاندو نەیارانی لەدەسەڵاتی سیاسی دوور خستەوە، گرنگیەکی زۆری بەسوپادا، چونکە لە روانگەی ئەودا سوپا هەموو شتێك بوون، وە دوای کودەتای ١٩ی برومیری ١٧٩٩ خۆی زیاتر بەقەرزاربارى سوپا دەزانی و کارەکانی دواتریشی هەر لەسەر دەستی ئەواندا بۆی جێبەجێدەکرا، بۆیەش سوپا لەلای ناپلیۆن زۆر پیرۆزبوون و هەمیشەش لە گوتارو کارەکانیدا ئاماژەی بۆ رۆڵی سوپا دەکرد.[١٤]

٤- کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوخۆیی لە فەرەنسا:

ئەو کارانەی چەتەو رێگرەکان و لایەنگرانی پادشایەتی و بنەماڵەی بۆربۆنەکان لە خوارووو خۆرهەڵاتی فەرەنسادا بەرپایان کردبوو، ناپلیۆن هەڵسا بە پەرتەوازەکردنیان و رێککەوتن لەگەڵیاندا، بەمەش توانی بەهۆی سیاسەتی نەرمی نواندن لەبەرامبەر پادشاویستەکاندا بەسەریاندا زاڵ بێت و کۆتایی بەشەڕی نێوخۆیی بێنێت لە فەرەنسادا، بەڵام نەی توانی لەگەڵ سەرکردەی چەتەکان (کادو دال) لە ویلایەتی واندە رێك بکەوێت و ئەوان لەدژایەتیکردنی حکومەتی ناپلیۆن هەر بەردەوام بوون.[١٥]

٥- رێکخستنەوەی لایەنی کارگێڕی:

ناپلیۆن بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی و سەرخستنی کارەکانی لە نێوخۆی فەرەنسادا، پێویستی بە ئاوڕدانەوە هەبوو لەبواری کارگێڕی و بۆ ئەم مەبەستەشی فەرەنسای بەسەر ویلایەتەکاندا دابەش کردەوەو شوێنەواری هەرجۆرە خودموختاریەکی ناوخۆیی لەنێوبرد، هەروەها هەموو دەزگاکانی هەڵبژاردنی لەشارو گوندەکاندا لابرد. هەر لە رووی کارگێڕیەوە دوو دامەزراوەی دیکەی دروستکرد بۆ بەهێزکردنی جێبەجێ کردنی

کاروبارەکان، کە یەکەمیان (تریبونا)و دووەمیشیان (دەستەی یاسا دانان) بوو. پاشان ئەنجومەنێکیشی بەنێوی (شوورای دەوڵەت) دروستکرد.(١٦)

٦- ئاوڕدانەوە لە خەزێنەی دەوڵەت:

ناپلیۆن بۆ ڕێکخستنەوەی لایەنی دارایی‌و پڕکردنەوەی خەزێنەی بەتاڵی دەوڵەت چەند هەنگاوێکی ناو لەم ڕووەشەوە هەوڵی چاکسازیدا، کە هەڵسا بەدانانی (گودن) بە وەزیری دارایی‌و ئەویش کاری بەسەندنی باجی ناڕاستەوخۆکرد بۆ کۆکردنەوەی سامان بۆ دەوڵەت، ئەم سیاسەتەشی بووەهۆی ناڕەتکردنی بۆرژوازییەتی شارو دێهاتەکان لە فەرەنسادا.

هەروەها بۆ کەمکردنەوەی خەرجی‌و نەهێشتنی گەندەڵی‌و دزی لە دامودەزگاکانی حکومەتەکەی، ناپلیۆن هەڵسا بەدامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بۆ چاودێریکردن‌و بەدواداچوون بەنێوی (ئەنجومەنی نەزاهەت).(١٧)

٧- ڕیفۆرم لە دادگاکاندا:

گەورەترین کار کە ناپلیۆن لە دادگاکاندا کردی، بریتی بوو لە گۆڕینی شێوازی دادگاکان، هەروەها یاسایەکی تازەی سەبارەت بەدامەزراوەکانی وەزارەتی داد داناو بەمەش هەڵسا بەنەهێشتنی دەستەی دادگای باڵا لە دادگاکانی فەرەنسادا.(١٨)

٨- گرنگیدان بەلایەنی ئاسایشی وڵات‌و هێزەکانی ناوخۆ:

بۆ خۆ دوورخستنەوە لەهەر مەترسیەکی نێوخۆیی‌و پلانی دوژمنانی، ناپلیۆن بەرنامەیەکی ووردی بۆ لایەنی پاراستنی ئاسایشی شارەکان‌و لەسەرووشیانەوە پاریس دارشت، کە وەزیری ناوخۆو پارێزگار دەسەڵاتی ڕەهایان پێدرا، هەروەها (فوشە)ی کردە لێپرسراوی پۆلیسی گشتی هێزەکانی ناوخۆو دەسەڵاتی تەواوی پێبەخشی بۆ چاوەدێریکردن‌و پاراستنی هێمنی‌و ئاسایش لە وڵاتدا.(١٩)

٩- ڕێگەدان بەگەڕانەوەی پەناهەندەکانی فەرەنسا بۆ وڵات:

ناپلیۆن لە ساڵی ١٨٠٢دا بڕیارێکی دەرکردوو تیایدا ڕایگەیاند کە هەر پەناهەندەیەکی فەرەنسی سوێندی بەئەمەکی بۆ ڕژێمی تازەی فەرەنسا بخوات، ئەوا

بـۆی هەیـە بگەڕێتـەوە بـۆ وولاتو لێبـووردن دەیگرێتـەوە، بەمـەش بەشـێكی زۆر لـە پەنامەندە فەرەنسیەكان گەڕانەوە بۆ نێو فەرەنسا.[20]

١٠- لەناوبردنی یەعقوبیەكان(ژاكۆبنەكان):

ئەگـەر چـی نـاپلیۆن لەگـەڵ لایـەنگرانی شانـشینی وەك كـەباسمان لێـوەی كـرد، تاڕادەیـەكی زۆر نـەرمو نیـان بـوو لەگەڵیانـدا، بـەڵام لەهـەمان كاتـدا زۆر بەتووندیو سەرسەختانە كەوتە لەناوبردنی یەعقوبیـەكان (ژاكۆبنـەكان) بەتـەواوەتیو سیاسەتیـشی لەم ڕووەوە بەردەوام بوو بۆ لەنێوبردنیان.[21]

ئەم كارانەی ناپلیۆن بەگشتی لایـەنی ئـەرێنیو نـەرێنیان هـەبوو بەسـەر كۆمـەڵگای فەرەنسیو تاڕادەیەكی زۆریش ناپلیۆنیان كرد بە خـاوەن دەسـەڵاتێكی دیكتاتۆریيانـەی ڕەهاو تاكو ١٨ی ئایاری ١٨٠٤ حـوكمڕانی كونـسولیەتی بـەردەوام بـوو،[22] بـەڵام دواتـر خۆی وەك ئیمپراتۆری فەرەنسادانا، بەتایبەتی كاتێك هەنگاوە سەربازییەكانی زیاتر ئـەو لایەنانەمان بۆ دەردەخەن لە دواتردا.

## ئەنجام

لەڕاسـتیدا نـاپلیۆن تـوانی سـوود لـەبارودۆخی خراپـی فەرەنـساو لاوازی حكومـەت وەربگرێتو پاشان لەڕێی كودەتاوە دەسەڵات بۆخۆی قۆرغ بكات، بەشێوەیەك لـەڕێگای كارەكانیو ئەوانـەی بـەنێوی چاكسازیو ڕیفـۆرم ئەنجامیـدا، لەلایـەك تـوانی حكومـەتی فەرەنسی زیندوو بكاتەوەو لەلایەكی دیكەشەوە پێمان وایـە تـوانی بناغەیـەكی پتـەو بـۆ دەسەڵاتی ڕەهاو كۆنترۆڵ كردنی وولات بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بۆ ماوەی چـەندین ساڵ، كە سەرەتاكەشی لەماوەی پێنج ساڵی یەكـەمی حوكمڕانیەكـەی لـە نێـوان سـاڵانی

(١٧٩٩-١٨٠٤) خۆی بینیەوەو پاشانیش وەك ئیمپراتۆری فەرەنسا خۆی دەرخست لە ساڵی ١٨٠٥ەوە تا كۆتایی هاتن بەدەسەڵاتی لە ساڵی ١٨١٤-١٨١٥.

ئەوەی گرنگە لەم ماوەی دەسەڵاتی وەك كونسڵی یەكەمی فەرەنسا، توانی یاساو دەستوور بخاتە سەرپێوو تاڕادەیەكی زۆریش لەبەرژەوەندی خۆیدا بەكاریان بهێنێتو پاشان نەیارو هاوكارو هاوڕێیانی لەدەسەڵات دووربخاتەوەو بەرەو دیكتاتۆریەتی تاك ڕەوانە پەل بهاوێت.

پەراوێزو سەرچاوەکان :

---

[1] ئ.ج.تارلە: ناپلیۆن، وەرگێڕانی بۆ کوردی: عومەر ڕەسوڵ خدر، چ٢، خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل٩٠-٩١.

[2] هـ.س، ل٩٢.

[3] د.عبدالعزیز سلیمان نوار و د.عبدالمجید النعنعی: التاریخ المعاصر اوربا من الثورة الفرنسیة الی الحرب العالمیة الثانیة، دار النهضة العربیة للطباعة والنشر، بیروت، ١٩٧٣، ص٨١.

[4] ئەمانە کۆمەڵەی لایەنگرانی سیستمی شانشینی بوونو لە خۆرئاوای فەرەنسا لە ویلایەتەکانی واندەو برتاتیو نرماندا، دوای شۆڕشی کۆماری دژی حکومەت یاخی بوبوونو ڕاپەڕینێکیان بەرپاکردو نێوچەکانیان خستبووە ژێر دەستی خۆیانەوە، کە یەکێك لە ڕابەرەکانیان (فرتە) بوو، ساڵی ١٨٠٠ بەفەرمانی ناپلیۆن لەسێدارەدرا. بڕوانە: (ئ.ج.تارلە: س.پ، ل١٣١).

[5] د.عبدالعزیز سلیمان نوار و د.عبدالمجید النعنعی: م.س، ص٨٢، ٨٣.

[6] ئ.ج.تارلە: س.پ، ل٩٢-٩٣.

[7] ویل وئاریل دورانت: مێژووی شۆڕشی فەرەنسا، و.دلاوەر عەبدوڵڵا، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٣٠، ٢٣١.

[8] ئ.ج.تارلە: س.پ، ل٩٦-٩٧.

[9] هربرت فیشر: تاریخ اوروبا فی العصر الحدیث، ت: سعید عبدالفتاح عاشور، بدون سنة ومکان الطبع، ص٥٧.

[10] ویل وئاریل دورانت: س.پ، ل٢٤٦، ٢٤٧.

(١١) هەورامان وریا قانع (وەرگێڕان‌و ئامادەكردن): شۆڕشی فەرەنسی هۆیەكانی بەرپابوونی‌و دەستكەوتەكانی، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣٠٥.

(١٢) د.عبدالعزیز سلیمان نوار و د.عبدالمجید النعنعی: م.س، ص٨٣، ٨٤.

(١٣) ئ.چ.تارله: س.پ، ل١١٦.

(١٤) هربرت فیشر: م.س، ص٧٢، ٧٣.

(١٥) هەورامان وریا قانع (وەرگێڕان‌و ئامادەكردن): س.پ، ل٣٠٦، ٣٠٧.

(١٦) د.عبدالعزیز سلیمان نوار و د.عبدالمجید النعنعی: م.س، ص٩٠؛ ئ.ض.تارلة: س.ث، ل١٢٢، ١٢٣.

(١٧) هەورامان وریا قانع (وەرگێڕان‌و ئامادەكردن): س.پ، ل٣٠٦.

(١٨) ئ.چ.تارله: س.پ، ل١٢٣.

(١٩) هربرت فیشر: م.س، ص٥٨.

(٢٠) ئ.چ.تارله: س.پ، ل١٤٣.

(٢١) هربرت فیشر: م.س، ص٦٦، ٦٧.

(٢٢) هەورامان وریا قانع (وەرگێڕان‌و ئامادەكردن): س.پ، ل٣٠٧.